ئیلۆن ماسک نوێترین و زیرەکترین بەرنامەی ژیری دەستکرد "Grok 3" ڕادەگەیەنێت



ئیلۆن ماسک خاوەنی پلاتفۆرمی "ئەکس"، هەروەها کۆمپانیاکانی تەسلا و سپەیس ئەکس ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند، کە نوێترین بەرنامەی زیرەکی دەستکرد "3 Grok" کە لایەن کۆمپانیاکەی تایبەت بەم بوارە دیزاین کراوە (xAI) ئەوارەی ئەمڕۆ دووشەممە ڕادەگەیەنرێت.

ئیلۆن ماسک چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کۆنفرانسێکی پێشسازی لە دوبەی ئاماژەی بەوەدا کە باشترکردنی بەرنامەی "3 Grok" لە قۆناغی کۆتایی و گوتیشی: "لەوانەیە لە ماوەی هەفتەیەک یان دوو هەفتەدا بەرنامەکە پێشکێش بە بەکارهێنەران بکرێت".

ئیلۆن ماسک لەبارەی ئەو پێشڕەوییەی زیرەکی دەستکرد دەڵێت: "ئەمە پێمان وایە لە هەموو زیرەکی دەستکردی تر باشتر دەبێت"، پێمان وایە ئەمە دواجار بێت ئامرازێکی زیرەکی دەستکرد باشتر بێت لە Grok 3.

چەند مانگێک لەمەوبەر، ئیلۆن ماسک سیستەمی زیرەکی دەستکرد بەناوی "Grok"ـی لە ئاپی ئەکس بە خەڵایی خستەووو، کە دەتوانێت دەق و هەموو جۆرە وێنەیەک و پرس و هەواڵێکی سادە بە زمانی ڕۆژانە بەرهەم بهێنێت و دروست بکات.